# ویستی کورد و غەمی تورک

## جەزا چنگیانی

لەو ساتەوەی تورک وەك دوو گروپی خێڵەکی ڕژانە ناوچەکەوە , تائیستامان چاویاین بە ڕووی ئارم و گەشی مرۆڤی کورد دا هاڵنایە , ئەگەر بە لۆژیکەوە بۆ گرفتەکان بڕوانین دەبینین لەو چەند گۆرانکاریە جیهانیانەی لە ماوەی سەدەکانی ڕابوردودا ڕوویان داوە تورکەکان هەمیشە هەوڵیان داوە پارسەنگی گرفتەکان بگرن وبەپی بەرژەوەندی زلهیزەکان بەرژەوەندی خۆیان لە سەر ئارامی وئاسایشی نەتەوەکانی تری ناتورك مسۆگەر بکە . لە دوای جەنگی جیهانی و تلیسانەوەی سەڵتەنەتی عوسمانی یەوە کورد بوو بە چوارپارچەوە . کە شۆرشی 1917 روسیاش ڕوویدا کەم وزۆر چەپکی تیشکی نێگیتفی ئەو شۆڕشە بەر جەستەی چەوساوەی مرۆڤی کورد کەوت . دوای کوتای هاتنی جەنگی جیهانی دووهەمیش کە زلهیزەکانی دنیا دوو شاخی دەسەلاتیان دامەزراند کورد وکیشەکەی بوو بە قوربانی . تورکیا وەك خاك وەك میللەت و خەلك ڕۆڵی گرنگی هەبوو تیادا .

1) خاکی تورکیا : بەهوی ئەوەی تورکیا تاقە وولاتیك بوو کە سنوری کۆنتاك ( تماس ) ی لە تەك ڕوسیادا هەبوو کە جەوهەری هیزی ( یەکیتی سۆڤیت ) بوو . ئەم پێگەیی تورکیا بۆ ئیستراتیجیتی سەربازی ناتۆ زۆر گرنگ بوو .
2) کرێکاری تورك : گرنگی کریکاری خواستیاری تورك بۆ بەکارخستنیان لە کارگەکانی وولاتانی پیشەسازیدا دوای جەنگ . چونکە هەڵسەنگاندەوەی سیستەمی ئابووری ئەوروپا تەنیا بە هێزی (مارشاڵ پلان ) نەدەبوو بەڵکو هێزی کاریشی دەویست و هیزی کاری تورکیش زۆر هەرزان بوو.

ئەم دووخاڵە هوی سەقامگیر بوونی تەمەنی ڕژیمی بەربەری تورکیا بوو . بیدەنگی لە تراجدیای میللەتی کورد . پرۆیسترۆیکا هەڵوەشاندنەوەیەکی وا بنەڕەتی لە بنکە ئیستراتیجی و هاوکیشە سیاسیەکانی دنیادا بەشیوەیەك کرد , ڕاچڵەکاندنێکی سەرسامی پیوەبوو .لەبەر ئەوەی هێزی براوە بەرەی کەپیتالیست ( ناتۆ) بە ساغی لە شەری سارد رزگاری بوو .ویستەکانی لە جیاتی ئەوەی سیس ببیٚ گەشەی کرد . ئاستی گەشە کردنی ویستە کەپیتالیستیەکان لە تەك ویستی تورکیای ئیستادا یەکناگرنەوە چونکە تورکیای پرد و ئەو دووخاڵەی ئاماژەمان بۆ کرد پوکانەوە و نرخە ئیستراتیجەکەیان نەما, ئەو ڕۆڵەی جاران تورکیا بۆ ئەمەریکا و ناتۆ دەیبنی ئیستا ( جۆرجیا , ئەرمینیا , ئازربایجان , تورکمنستان , کازاخستان , ئەفغانستان هتد ) دەیبینن و ئەم وولاتانە نەك تەنیا بە هیزی سەربازی ئەمەریکی بەڵکو بە کەپیتاڵی ئەمەریکی چەنراون . خاڵی دووەم ( هیزی کاری هەرزانی تورك ) بەهوی پیشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە و زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوانی ئەوروپی ( زۆر بوونی ژمارەی کریکاری بێکاری گەلانی ئەوروپی ) نرخ و ڕۆڵی کریکاری تورکی لە لای وولاتانی پیشەسازی ئەوروپی نەماوە . لە گەڵ ئەوپەری ڕێزما بۆ کرێکاران ( کرێکار مادامێکی هێزی کاری دەفرۆشیٚ , لە بازاڕی کاردا ئەگەر ژمارەیان زیاد ببیٚ , نرخی کاریان وەك نرخی کاڵای زۆری بازاڕ دێتە

خۆارەوە ) لە دوای پڕۆیسترۆکاوە گەورەترین قەیران کە یەخەی گشت پارت و حکومەتەکانی ئەوروپای گرتووە ( گرفتی بێکاری ) یە بۆ چارەسەری ئەم گرفتەش خاوەن کار لە لوتبەرزی خۆی بۆ کەمکردنەوەی کاتی کار کە فاکتەریکی چارەسەرە , نایەتە خۆارەوە , ئەوان پێان وایە زۆر بوونی کریکاری بێگانە هویەکە بۆ چارەسەنەکردنی بێکاری , کریکاری تورك کە بەژمارە بەزۆرترین کریکاری بێگانە دادەنرێن نیازیان وایە چاویکیان پیا بخشینەوە کردوشیانە بەوەی ئیتر کریکاری نۆی تورك مۆڵەتی کاری پێنادرێت و مافی یەکەم بە کریکاری ئەوروپی لە کاتی دابەشکردنی کاردا دراوە . ( ئەمە زیاد ڕەوی نیە ) بەڵکوو وەك یاسای کار بەرجەستە بووە . هۆی دوور کەوتنەوەی ئەمەریکا و ئەوروپاییەکان لە تورکەکان خاڵێکی تری هەیە ئەوەیش , بوونی کولتوریکی ڕەق و تەقی تورکی پریمیتیفە . ئەمە خاڵێکی بنکەی یە بۆ وەرنەگرتنی تورکیا لە کۆمەڵی ئەوروپیدا . ئەوروپیەکان هەمیشە ئەو پرسیارە دەکەن لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە تورك لە ئەوروپادا دەژین , کەچی تائیستا یەك قولانج لە کولتوری ئەوروپی نزیك نەکەوتونەتەوە چاو خشاندنیك بەشەقامەکانی فرانکفۆرت و برلین و ڕۆزلهایم و بینینی ئەو هەموو ئافرەتە سەرپیچراوانە و پیاوانی ڕیشهاتووی ( دەستبیح ) بە دەست , هەست دەکەیت ئەو تورکانە ئەندامیکی نامۆی کۆمەڵگای ئەڵمانین وەك پەڵەیەك وان بە ڕووی کۆمەڵگاوە ( ئەمانە دوورە لە نێگای ڕەگەزتیژیەوە ) بەڵکو سەرنجیکی سۆسولۆگی کۆمەڵگای ئەوروپی یە , تویژینەوەیەکی لۆژیکە بۆیە لەچەپەوە بۆ ڕاستی کۆمەڵگا لە ناخەوە ئەوە پرسیار دەکەن ( ئێمەی ئەوروپی پیشڕەو و دیموکرات لە تەك تورکی پریمیتیف و دیکتاتۆر ) دەتوانین ( کۆرسێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ) مان هەبیْ ؟؟!! . سیاسەتمەداری ئەڵمانی ( هیلمۆت شمیت ) کۆنە سەرۆك وەزیران و بیرداری بە ناوبانگی سوسیال دیموکراتی جیهان زۆر ڕاستگۆیانە ووتی : ( نا بۆ تورك بۆ کۆمەڵی ئەوروپی ) . بنیاتنانی کۆمەڵگای ئەوروپی و ڕمانی سنورەکانی نێوانیان تەنیا پرۆسێسێکی سیاسی و ئابوری نەبوو . بەڵکو بە پلەی یەکەم ( کولتوری ) بوو . نزیك بوونەوەی تەوژمە هزری و فەلسەفیەکان لە تەواوی ئەوروپادا , تەواوکەری یەك بوون بۆ نمونە شۆرشی فرنسی و ڕۆڵی لە گۆرانکاریە دیموکراتیەکانی تری وولاتانی ئەوروپی . پەسەندکردن و یان هەڵمژینی تێڕوانیە هزری و فەلەسەفیەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە تەواوی وولاتانی تری ئەوروپی , بە ئەوروپی بوونی فەلسەفەی مارکیست و چەندەها وینەی تر . کەواتە کولتوری تورك کە ڕوویەکی دڕندەی دەسەلاتیْ بەربەریەو ولە ڕۆح و جەستەی مرۆڤی تورکدا بەرجەستەکراوە , لەگەڵ کولتوری ئەوروپی کە لەسەر ئاستی یەکتری پەسەندکردن بنیاتنراوە دژە .

**سیناریۆی قبرص** : سالی 1961 ئەمەریکای ( کندی ) و سۆڤیێتی ( خرۆشۆف ) لە سەر سەقامگیرکردنی بنکەی مۆشەکی لە دۆرگەی کوبای ( کاسترۆ ) ی کۆمۆنیست . جیهانیان نزیك جەنگێکی تر کردەوە . سالی 1974 پێش داگیرکردنی بەشێکی دۆرگەی قبرص لە لایەن تورکەکانەوە لەم دۆرگەیەدا بزوتنەوەیەکی چەپی یونانی سەر بە سۆڤیت هەبوو کە ( C I A ) پێوابوو سەرکەوتنی کۆمۆنیستە یونانیەکان یانی دروست بوونی دۆرگەیەکی تری وەکی کوبای کۆمۆنیست لە دەریای سپی ناوەراستدا بۆیە ( C I A ) گلۆپی سەوزی بۆ تورکەکان هەڵکرد و بەشیکیان داگیر کرد . لەم ساتەماندا گەر بەچاوی چاودیرێکی سیاسیەوە بڕوانیە کێشەی نێوان تورك و یونیانیەکان دانیشتنەکانی( کۆڤی

عەنان ) لە تەك سەرۆكی هەردوو گرۆپی تورك ویونانیەكان و سەرنجی وولآتانی ئەوروپی بۆ گرفتەكە دەبینین ( كۆڤ عەنان ) و ئەوروپیەكان زیاتر ڕیزیان بۆ بۆچونەكانی یونانیەكان هەیە وەك لە توركەكان . ئەمە یانی پەسەند نەكردنی سیاسەت و كولتوری توركی و شكستی شانس و نەمانی ڕۆلی سیاسیان لەو دۆرگەیەدا ئەنجامەكەشی دۆرگەكە دەگەڕیتەوە بۆ باوەشی دایكی یونان توركەكانیش ئۆتۆنۆمیەكی كولتوریان پێدەبری , سوپای داگیركەری توركیش بە ملشۆری دەگەریتەوە بۆ توركیا . بۆیە غەمی كورد لە داگیرگرتنی باشوری كوردستان لە لایەن توركە و دروست بوونی قبرص یكی تر نایەتەدی . بۆ ئەمەریكایەكان باشوری كوردستانی گلینە نرخ و بەهای زۆر زۆرترە لە توركیا ( تكایە بۆ زیاتر زانستی لەم بارەیەوە بڕوانە ووتارەكانی ترم لە هەفتەنامەی میدیادا ) بەڵگەش كشانەوەی هیزەكانی ئەمەریكی وسوربوونی ئەمەریكا لە سەر پارستنی باشوری كوردستان لە لایەن كورد وئەمەریكایەكانەوە , لە هەمووشی گرنگتر هەڵبژاردنی هیزی سیاسی و سەربازی ( پیشمەرگەی ) باشوری كوردستان بە هاوپەیمان بۆ رزگاری عیراق لە جیاتی هیزی سەربازی توركی ( مغزاه ) یەكی سیاسی ( كاكلێكی سیاسی گرنگی هەیە ) توركەكانیش چاك ئەمە دەزانن كە ئیستا ئەمەریكایەكان باشوری كوردستانیان زۆر لا مەبەسترە وەك لە توركیا . ئەم سەرنجە ئەمەریكیە ( ویستی كوردی بۆ ئازادیەكی سەقامگیر بالآ دەكا , غەمی توركیش قەبە و تورك ئایندەیەكی لاواز بەجەستەی سیاسیدا دەبڕیٚ .